# چەند بەڵگەیەكی شەرعی

# لەسەر حەرامێتی (گۆرانی و مۆسیقا)

✍ م /رمضان عبدالرحمن جمال

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، أما بعد:

خوای گەورەو میهرەبان دەفەرموویت:

﴿ أَفَمِنْ هَٰذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ ۝٥٩ وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ ۝٦٠ وَأَنتُمْ سَامِدُونَ ﴾[النجم:59 - 60 - 61].

عبدالله كوڕی عباس رضي الله عنه لە تەفسیری (سَامِدُونَ) دا دەفەرموویت:(هو الغناء)[1].

واتا: ( گۆرانییە)

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: (ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف)[2].

واتە: لەناو ئوممەتی مندا چەند كۆمەڵێك پەیدا دەبن كە زیناو ئاوریشمو شەرابو عارەقو (المعازف) حەڵاڵ دەكەن (واتە: خۆی حەرامە) .

(1) (رواه الطبري: 13 / 82).

(2) (البخاري: 5590، ومسلم: 3032).

المعازف: بریتیە لەئالاتو ئامێری (مۆسیقاو گۆرانی), پێغەمبەری خودا ﷺ زەمی ئەو كەسانەی كردووە كە هەڵدەسن بەحەڵاڵ كردنی ئامێرەكانی (مۆسیقاو گۆرانی) وە باسی كردووەو دەفەرموویت حەڵاڵ دەكرێت لەگەڵ (زینا) و (ئاورێشم) و (عارەق) دا.

وەهەروەها جگە لەم فەرمودەیەش چەندەها فەرموودەی صحیح لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بۆمان نەقل كراوە كە بەڵگەنو دەلالەت لەحەرام بوونی (مۆسیقاو گۆرانی) دەكەن, وە هەڕەشەیە بۆ ئەو كەسەی حەڵاڵی دەكات، وەیان بەردەوام دەبێت لەسەری, ئەگەر ترسی درێژبوونەوەمان نەبوایە ئەوە باسی ئەو هەڕەشانەمان دەكرد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەسەو كیفایەتە كەیەك بەڵگەی ڕاست لەپێغەمبەری خواوە ﷺ هەبێت .

هەر كەسێك گومانی هەیە لەحەرامێتیدا با سەرنج بدات بۆ ئەو بەڵگانەی كەهاتوە

لەقورئانی بیرۆزو لەفـەرمووده ڕاسـتەکانی پێغەمبەری خوادا ﷺ.

خوای گەورەو میهرەبان دەفەرمووێت:

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُوًاۚ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴾ [لقمان: ٦] .

زۆربـەی لێکـدەرەوانی قورئـان لەسـەر ئـەوەن کەبەڕاسـتی مەبەسـت بەمـە واتـا (لَهْوَ ٱلْحَدِيثِ) بریتییـە لـە (مۆسـیقاو گـۆرانی) , ابـن مـسعود رضي الله عنه فەرموویـەتی (والله الـذي لا ألـه غـيره أن ذلـك هو الغناء)[3].

واتـە: سـوێند بـەو خوایـەی کـە هـیچ پەرستراوێك بەحەق نییە غەیری ئەو نـەبێ کـە (الله) یـە, مەبەسـت پێـی گـۆرانیو مۆسیقایە سێ جار ئەو سوێندەی دووبارە کردەوە.

لێکدانەوەی هاوەڵان بۆ قورئان بەڵگەیـەو دەبێتە بەڵگە چونکە زانـاترین کەسـن بـە قورئان .

• زانـای پایەبـەرز شيخ الإسلام ابن تيميـة دەفـەرمووێت: (...... قوله وإباحه الغنـاء فيقال له هذا من الكذب على الأئمة الأربعة فانهم متفقون على تحريم المعازف الـتى هـي ألات اللهو كالعود و نحوه... )[4] .

واتە: ئەو کەسـەی کـەدەڵێ گـۆرانی وتـن ڕەواو دروستە, ئەوە پێی دەڵێم ئەمـە درۆ کردنــە بــەدەم پێــشەوای هــەر چــوار مەزهەبەکەوە کـەبریتین لـە (أبـو حنيفـه ومالك وشافعى احمد) (ڕەحمـەتی خوایـان لـێ بێـت) چـونکە هـەر چوار پێـشەواکە یەکدەنگن لەسـەر حـەرامێتی ئامێرەکـانی مۆسیقا ئەو ئامێرانەی هۆکاری سەرگەرمی و خافڵانـدنن وەکـو عـودو هاوشـێوەکانی .... **هتد** .

• عومـەری کـوڕی عبـدالعزیز (ڕەحمـەتی خوای لێبێـت) نامـەی نـارد بـۆ مامۆسـتای منداڵەکەیو تیایدا نووسیبووی: بـا یەکـەم شـت کەلـەتۆوە فێـری دەبـن لەپـەروەردە کردندا بارِق لێبوونی غافڵ کەرەکان بێـت, کەســەرەتاکەی لەشــەیتانەوەیە کۆتــای یەکەشــی تورەبــوونی خــوای گەورەیــە چــونکە مــن لەکەسـانی جێـی سـیقەوە لەزانست هەڵگرانـەوە پـێم گەیشتووە کـە

(3) (تفسير القرطبي: 48/14).

(4) (منهاج السنة النبوية: 3/ 439).

ئامادە بوونی کۆڕی مۆسیقاژەنو گوێگرتن لە گۆرانی وتن دووڕوویی لە دڵدا دەڕوێنێت وەکو چۆن کە ئاو گژو گیا دەڕوێنێت([5]) .

• عبـــــدالله ی کـــــوڕی مـــــسعود ﷺ فەرموویـەتی: (الغناء ينبت النفاق في القلب كما ينبت الماء الزرع, والذكر ينبت الإيمان في القلب كما ينبت الماء الزرع)([6]) .

واتە : (گۆرانی ومۆسیقا دووڕوویـی لەدڵدا دەڕوێنێـت هـەروەکو چـۆن ئـاو گـژو گیـا دەڕوێنێت, یادی خوای گەورە باوەڕ لەدڵدا دەڕوێنێـت وەکـو چـۆن ئـاو گـژو گیـا دەڕوێنێت).

• ئەبو بەکری صدیق ﷺ کاتێ بینی دوو جاریە بچوکەکە دەف لێدەدەنو گـۆرانی دەڵـێن ئاگـاداری کردنـەوەو فــەرمووی: (مزمور الشیطان)([7]) .

واتە: جووزەلەی شـەیتانە, وەپێغەمبـەری خـــوا ﷺ بـــێ دەنـــگ بـــوو لەســـەریو نەیفەرموو وانییە.

* تێبینــی: هەنـدێ کـەس ئێـستا واتێـی گەیـشتون کــەوا پێغەمبــەری خـــوا ﷺ بێـدەنگ بـوو بێـت لەسـەر لێـدانی (دەفـو گۆرانی جاریەکان), نەخێر ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە بەڵکو پێغەمبەری خوا ﷺ بێدەنگ بوو لەسـەر وتەکـەی ئـەبو بـەکری صـدیق ﷺ کـاتێ کـە فـەرمووی (مزمــــور الشیطان)ە .

• عوسمـــانی کـــوڕی عـــەففانﷺ باســـی فەزڵی خودا دەکات بەسەرخۆیەوە لـەوەی کـــە نەکەوتۆتـــە نـــاو ئـــەو تاوانـــەوە دەفەرمووێت: (ماتغنيـــت ولاتمنيـــت)([8]) .

واتە: نەگۆرانیم وتووە نە ئـاواتو تەمـەنام کردووە کە بیلێم .

•پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەفەرموودەیـەکی پیرۆزدا دەفەرمووێت: (ليكـــونن في هـــذه الأمة خسف ومسخ وقذف. فقال رجل من المسلمين يارسول الله ومتى ذلك؟ قـــال: إذا ظهـــرت القيـــان والمعـــازف وشـــربت الخمور)([9]).

واتە: لەم ئوممەتەدا ڕۆچوون بەزەویـداو شـێوە گـۆڕین وبــەردە بـاران ڕوودەدات، پیاوێـــك لەموســـڵمانان ووتـــی: ئـــەی پێغەمبەری خوا ﷺ کەی ئەوە ڕوودەدات

(5) (رواه ابن ابي الدنيا, وابن الجوزي: 235).
(6) (رواه ابن ابي الدنيا: 130, والبيهقي).
(7) (متفق عليه)
(8) (رواه ابن أبي عاصم: 595/2, والطبراني: 85/1).
(9) (صحيح الجامع الصغير: 6754) .

فەرمووی: کاتێك گۆرانی بێژو مۆسیقا ژەن پەیدابوون وەعارەقیش خورایەوە.

خوێنەری خۆشەویست سەرنج بدەو بزانە چ هۆکارێك وای کردووە کە لەلای زۆرێکمان زۆر ئاساییە وبەسووك تەماشای ئەو تاوانە ئەکەین کەزۆرێك لەچینی گەنجانی مەشغوڵ وبێئاگا کردووە لەچێژ وەرگرتن لەسەرچاوە پاکەکەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کەئەویش گوێگرتنە لەئایەتە پیرۆزەکانی خوای گەورە وفەرموودە ڕاستەکانی خۆشەویستمان ﷺ .

بەلام زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ بەئاشکرا لەزۆربەی ڕاگەیاندنەوە ( گۆرانی ومۆسیقا) بانگەشەی بۆ دەکرێت وخەڵکی پێ غافل دەکرێت لەیادی خوا, بۆیە دەڵێین ئەی گەنجانی بەڕێز ئەی موسڵمانی خۆشەویست ئاگاداربەو بڕوانە بزانە خوای گەورە لەبارەی ئەو شتانەی کە خەڵکی بەمەبەستی ئارامگرتنی دڵەکانیان بەکاریان دەهێنن لە وەسائیلە دونیاییەکان ئاگادارمان دەکاتەوە ودەفەرموویت:

﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ﴾ [الرعد: ٢٨].

واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دڵەکانیان ئارامدەگرێت بەیادی خوا, ئاگادارین بەیادی خوا دڵەکان ئارام دەگرێت.

بۆیە برای شیرینم بەڵگە نەویستە دوای ئەم ئایەتە پیرۆزە بۆ وازهێنان لەم جۆرە تاوانە کەبریتیە لە (مۆسیقا وگۆرانی) خوای پەروەردگار ئاگاداری کردوینەتەوە لێی، بۆیە دوو خاڵی زۆر گرنگ لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەدی دەکرێت:

1- گرتنە بەری وەسیلەی جگە لە یادی خوای پەروەردگار دڵەکان ئارام ناکات.

2- ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەتەنها بەیادی خوای پەروەردگار دڵەکان ئارام دەگرێت.

• خوا ناسێك دەفەرموویت: ئەگەر مەلیکەکانو نەوەکانیان بیان زانیایە کەچ دڵ ئارامیو خۆشیەك لەدڵی ئیمانداراندا هەیە لێیان دەسەندین ئەگەر بە شمشێریش بێت، جا داواکارین لەخوای گەورە بمان گێڕێت لەو کەسانەی کە دڵەکانیان ئارام دەگرێت بەیادی خوا، وەخوای گەورە بمانپارێزێت لەم جۆرە تاوانە وەبمانپارێزێت لەو غەفڵەتانەی کە سەرئەکێشن بۆ خراپتر وەبەداخەوە کاتێك

کەئامۆژگاری کەسێك دەکەیت کە سەرقاڵە بەوکارەوە پێی دەڵێیت برای خۆشەویست ئەو کارەی تۆ دەیکەیت قەدەغە کراوە لەدینداو بۆی ڕوون دەکەیتەوە بەبەڵگەوە لە وەڵامدا دەڵێت گوێ لەمە دەگرم کەبریتیە لە ( الأناشید الإسلامیة)واتە: سرودی ئایینی لەهەندێك مۆسیقاو گۆرانی باشترە.

تێبینی: کاتێك دەوترێت ( الأناشید الإسلامیة ) دەکرێت بە دوو بەشەوە:

1- ئەو ( الأناشید الإسلامیة)ا نەی کە ئامێرەکانی مۆسیقایان لەخۆ گرتوە .

2- ئەو ( الأناشید الإسلامیة) انەی کە ئامێرەکانی مۆسیقایان لەگەڵدا نییە .

مەبەست لێرەدا کەدەوترێت قەدەغەکراوەو حەرامە بریتییە لەخاڵی یەکەم واتا ئەو سرودانەی کە ئالەتی مۆسیقایان لەگەڵدا لێدەدرێت .

زانای پایە بەرزی ئیسلام صالح بن عبدالله الفوزان لەکتابی (الخطبة المنبریة ج 3 ص 184 – 185) لەسەر ئەم بابەتە (الأناشید الإسلامیة) ڕونکردنەوەیەکی داوەو دەفەرموێت: ئەوەی کەوا پێویستە ئاگادارکردنەوەی لەسەر بکرێت کەوا زۆر بلاُوە لەناو گەنجانی خاوەن دیندا ئەویش بریتیە لەو شریت وکاسێتانەی کەوا پێك هاتووە لەسروود کەبەزمانی عەرەبی پێی دەوترێت ( الأناشید الإسلامیة) کەبەدەنگی جەماعی دەوترێت ئەویش جۆرێکە لەگۆرانیو هەندێ جار بەدەنگێکی وەها دەوترێ کەفیتنە دروست دەکات. وەدەفرۆشرێت لەبازاڕو تۆمارگاکاندا لەگەڵ ئەو شریتانەی قورئانی پیرۆزو وتاری ئایینی تێدا تەسجیل کراوە.

وەناوهێنانی ئەم گۆرانیانە بە( الأناشید الإسلامیة) ناوێکی هەڵەیە لەبەر ئەوەی ئیسلام ( الأناشید الإسلامیة)ی بۆمان دروست نەکردووە، ئیسلام یادی خواو خوێندنی قورئانی پیرۆزی بۆمان حەلاڵ کردووە، وەئیسلام فێربوونی زانستی بەسوودی بۆمان حەلاڵ کردووە بۆیە پێویستە موسڵمانان ئاگادار بکرێنەوە لەم جۆرە گۆرانیانە وەمەنعی فرۆشتنی بکرێت لەبازاڕەکاندا وەمەنعی بلاُوکردنەوەی بکرێت.

بۆیە ئەوانەی ڕەواج دەدەن بەم جۆرە گۆرانیانە لەوانەیە بڵێن پێغەمبەری خوا ﷺ سروودی گوتووە لەچەند کاتێکدا یان

گـوێی لێگرتـووه یـان بێـدەنگ بـووه لەسەری.

وەڵامـی ئـەم پرسـیارە ئەوەیـە ئـەو سـروودانەی ووتـراوە لەسـەردەمی پێغەمبەری خواﷺ یان خۆی لەوێ بووەو یـان بێـدەنگ بـووە لەسـەری ئینکـاری نـەکردووە ئـەو سـروودانە کـەوتراوە لەسـەردەمی پێغەمبـەری خـواﷺ نـەدەووترا بـەدەنگێکی کۆمـەڵ وەبەشـێوەیەك وەکـو گـۆرانی وەنـاویش نـاهێنرا بـە ( الأناشيد الإسلامية) ئـەوەی دەووترا پێك هاتبوو لەچەند دێڕە شعرێکی عـەرەبی کـە باسـی (حیکمـەت)ی لـەخۆ گرتبـوو وەباسـی چـەند نموونەیـەکی بەسوودو باسی ڕێزو ئازایەتی پیاوچاکانی دەکرد وەهـاوەڵانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ شعریان دەووت تاك تاك لەبەر ئەوەی ئـەم مانایانەی لـەخۆگرتبوو وەشعریان دەووت لـەکاتی ئـیش کـردن وماندووبوونـدا وەکـو بینا دروست کردن یان چوون بۆسـەفەرێك لـەکاتی شـەودا، ئەمـەش بەڵگـەیە لەسـەر ئەوەی ئەم جۆرە شیعرانە حەڵاڵە لەچـەند کاتێکـدا بەتایبـەتی نـەوەك بکرێـت بەپیـشەیەك لەپیـشەکان بـۆ پـەروەردە کـردنو بانگـەواکردن بـەکاربهێنرێت وەکـو لـەم ڕۆژگـارەدا دەیبیـنین کـەپێی دەڵـێن: (الأناشيد الإسلامية) یـان ( الأناشيد الدينية) ئەمە تازە داهێنراوە لەدیندا ئەمـە بریتیـە لەدینی سۆفیگەری ئەوانـەی کـەوا (بيدعة) واتە شـتی تـازە لەدیـندا دروسـت دەکـەن وەپێویستە موسڵمانان وگـەنجانی خـاوەن دیـن لێـی ئاگـادار بکرێنـەوە لـەم تێکـەڵ کردنە وەمـەنع کردنـی ئـەو شـریتانەی کـە لەبازاڕەکانـدا دەفرۆشـرێت لەبـەر ئـەوەی فیتنـە سـەرەتا دەسـت پێـدەکات کەمـەو ئاسانە بەڵام وردە وردە زیاد دەکات ئەگەر پەلـە نـەکرێت بـۆ لـەناو بردنـی لـەناو موسڵماناندا.

لەکۆتایـدا داواکـارین لـەخوای گـەورە گوێڕایـەڵیمان پـێ ببەخـشێتو وەهیدایـەتمان بـدات بـۆ گەڕانـەوە بـۆلای قورئـانی پـیرۆزو سـوننەتە پاکەکـەی پێغەمبەری خوا ﷺ

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى اله وصحبه وسلم**